www.kurdistannet.org
19-2-2006 13:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بارزانی (نەمر) دەبێت سونبول و پاڵەوانی سەدەکەی خۆی بێت... کەریم موحەمەد

ئەو کاتەی سەرجەم کۆمەڵ و هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە گرێژەنە دەبرێت و چەمکی ڕوو لە هەوراز و باڵا کردنی کۆمەڵ بە ئاقاری تایبەتی خۆیدا ملی ڕێگا ناگرێت، لەو کاتەدا تاکەکانی کۆمەڵ نەخشەی گۆڕینی ئەو ئاقارە لە بەرژەوەندی زوربە دەکەنە بەرنامەو پلان و نەخشەی دنیایەکی ئازاد و باشتر کە قابیل بە ئینسانەکان بێت دەخەنە دەستوری کاری خۆیانەوە و شمشێر و خەنجەرو گیانی بەگژاچونەوە، لەلای ئەم تاکانە لە کەلانی خۆیدا دەستوری ئامادە باشی پێ دەدرێت و گیانی یاخی بوون لەو کۆت و پێوەندەی کۆمەڵی تیا خراوەتە ناو چوارچێوەیەکی کلۆم دراو و جوڵە وگەشەی کۆمەڵ دەبێت لەسەر خواستی سەرەوە بێت، مل گرتنە ڕێگایەک کە دنیای ئازاد، ئینسانی ئازاد تیایدا بەرقەرار بێت، دنیایەک بێت کە شایستەی سەرجەم مرۆڤایەتی بێت، ئەو کاتە بە ناچاری ملی ڕێگای نشێوو هەورازو چیا سەرکەشەکانی کوردستان ئامێزی خۆشەویستی بۆ پاڵەوانەکان دەکاتەوە و چیای سەربڵند دەبێتە پاڵپشت و خاڵی وەستانەوەو بەرەنگاری لەبەرامبەر ئەو یاسایەی کە کۆمەڵگای کۆت وپێوەند کردووە، واتە گیانی تەحەدا، گیانی وەستانەوە لە بەرامبەر کۆمەڵ ویاسایەکدا کە ملی بە ڕیزی ملیۆنی خەڵک کەچ کردوە، خەڵکی گیانی خۆیان داوەتە دەستی قەدەرێک کە لە سەروو خواست و ئارەزووی خۆیانەوەیە، وە بەرداشی زەمان، یان وەکو شەپۆلەکان بە ئارەزوی خۆیان هەرچی لەبەردەمیاندا بێت ڕای دەماڵن و بوونی تاک وەک ڕۆڵێکی کاریگەر کە جێگا دەستی دیار بێت، لە ناو شەپۆلەکاندا بەرزە دەبێت و ناتوانێت ئەفراندن، یان داهێنان، یان بوونێتی و کۆمەڵایەتی بوونی خۆی بە دەست بێنێت، بگرە بوون بە کۆمەڵایەتیەکەشی لە دەست دەدات، ئەوکاتە کۆمەڵگاو تاکەکان سیفاتی ئینسانیانەی خۆیان لە دەست دەدەن، لەم کاتەدایە تاک واتە پاڵەوان شمشێرو خەنجەرەکەی لە کەلان دەردێنی وچیای سەرکەش پشت وپەنا و ئیعلانی دنیایەکی باشتر خۆی مەترەح دەبێت وپەپولە ئاسا بۆ گەیشتن بە تیشکی ڕوناکی و ئازادی، و بۆ دنیایەکی باشتر دەبنە قوربانی ئەو دنیایەی تر، کە هەڵتەکاندنی دارو پەردووی سیستەمی کۆن و دامەزراندنی دنیایەکی ترە. کەمن ئەو کەسانەی لەو کاتەدا بڕیاری گۆڕینی ئەو سیستەمە دەدەن، ئەوانە بە پەنجەی دەست دێنە ژماردن کە بەرامبەر وەزعی مەوجود دەوەستنەوەو دەیانەوێت ڕەوتی کۆمەڵ بگۆڕن، واتە ئەوانە دەبنە پاڵەوان ونەمری سەردەم و هەتاهەتایی بۆ مرۆڤایەتی جێگای شیاو دەگرن لە مێژووی کۆمەڵگادا. پاڵەوان تەجاوەزی ئەو وەزعە دەکات کە مەوجودە، تەحەدای ئەو هێڵە دەکات کە ناتەرییە، بە هیوای ئەوەی ئەو شتانەی لە سەر سەر وەستاون پاڵەوان دەیانخاتەوە سەر پێی خۆی، واتە شتە نارێکەکان ڕێک وپێکتر دەکات، هەر شتە لەسەر ڕەوتی خۆی دەبێت شەقاو بنێت. ئەوەی مەبەستمە لەم باسە کورتەدا دەورو جێگاو نەخشی بارزانی نەمرە لە ناو ململانێی سیاسی ئەو سەدەیەی کە نەمر تیایدا چرای تەمەنی خۆی داگیرساندبوو، وە زیاتر لە نیو سەدە ڕەوتی ئاڵو گۆڕەکانی کۆمەڵگا، وە کێشەی ئازاد کردنی کوردستان، وەک ڕابەرێکی مەزن تەحەدای هەمو ئەو هێزە ڕەشانەی کردووە کە بەرامبەر مرۆڤی کورد و کێشە ڕەواکەی ڕێگری بوون. دیارە مێژووی بەشەریەت بە پێی قۆناغەکانی ڕەوتی کۆمەڵ و لە هەر سات وکاتێکدا، لە هەر زەمین و زەمانێکدا، لە هەر بوارو ڕشتەیەکدا، پاڵەوان وەکو سونبول بە دیار کەوتوون، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کەس ناتوانێت ئەفلاتون، ئەرەستۆ، سوکرات، هتد کە مێژوویان

بۆ زیاتر لە 2000 ساڵ دەگەڕێتەوە، کەچی تا ئێستاش لە بواری خۆیاندا هەر نەمرن، ڕێنیسانس چەندینی وەک شکسپیر، دافنشی، مایکل ئەنجیلۆ، میدیتچی، میکیاڤیلی، کالڤن، لۆتەر، گالیلۆ... هتد بە خۆوە دیوە، دیارە هەر کەسەو لە بواری خۆیدا تەحەدای سەردەمی خۆی کردووە، بە ئەفراندنی نوێکاری، لەم سەدە نوێکاندا ژان دارک، لۆکسمبۆرگ، لینین، ماوتسی تونغ، هۆشی منە... هتد. لای خۆمان قازی محەمەد، شێخ سەعید پیران، شێخ مەحمود، سمایل خانی شکاک، ئیبراهیم خانی دەلۆ، بارزانی نەمر، ئەمانە ڕەمزو سونبولی نەمری ئەم سەدەیەن لە بواری سیاسەتدا. ئەگەر باس لە بارزانی نەمر بکەین ئەوا دەبێت بڵێین ئەوەی ئەو کەڵە شۆڕشگێڕانە بۆیان ئەنجام نەدرا بارزانی نەمر بە ئەمانەتەوە گەیاندیە لوتکەی خۆی، بارزانی وەکو گیانی بەگژاچونەوەی ستەم و چەوساندنەوە، وەکو بەرگری کاری سەرسەختی دژ بە داگیرکاری، زوڵم و زۆر هەمو تەمەنی خۆی لە پێناو ئازادی ورزگاریدا، لە پێناو بەدی هێنانی دوارۆژێکی ئازاد بۆ کوردستان وەکو پەپولە بووە سوتەمەنی ئەو ڕێگایە. بۆیە قسەو باس لەسەر ئەو بەڕێزو نەمرە کە دەبێت هەمیشە گیانی نەمری بەرز وپیرۆز، یادو یادەوەریەکانی نەمرو زیندوو ببێتە ویردی سەر زمانمان، هەمێشە ڕاوێژو تەگبیرەکانی ببێتە بەرنامەی کارمان. تێبینی ئەم کورتە باسە بەرنامەی پرۆژەیەکی گەورەترە لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بارزانی نەمر وە وەکو پاڵەوانی سەردەمی خۆی، کە لە ئایندەدا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز.

---